# هیوای منداڵە کوژراوەکانمان لە ناخماندا دەژین

**سەلام عەبدوڵا**



24ساڵە، دایکانی گۆڕەپانی دی مایۆ(Madres de playade Mayo)، لەبەردەم تەلاری حکومەتی ئەرژەنتین لە گۆڕەپانی (دی مایۆ)دا، گرووپێك لە ژنان بە سەرپۆشی سپی و دروشمەوە، لە پێناو دیاریکردنی چارەنووسی منداڵە بێ سەروشوێنەکانیان، پرۆتێستۆ دەکەن.
داخوازییەکەیان ئەوەیە، تاوانبارەکان بۆ بەردەم دادگا، راپێچ بکەن.

ئیلیزا هاکمان(79ساڵ) یەکێکە لەو دایکانە، وتی(ئێمە لە مانگی چواری1977وە لێرە کۆدەبینەوە، لە سەرەتادا، دەمانویست تەنها بزانین، منداڵەکانمان بۆ کوێ بردووە) ئەم دایکە، لە سەردەمی دیکتاتۆرییەتی سەربازیدا، دوو منداڵی بێ سەروشوێن کران و تا ئێستا نازانێ چییان بەسەر هاتووە.

لە ساڵی 1976، ژەنەراڵ یورگە رافائیل فیدیلا بە رێگای کودەتاوە، دەسەڵاتی گرت بە دەست و لە شەورۆژێکدا هەزاران مرۆڤ لەلایەن هێزی ئاسایشی سەربازییەوە، بێ سەروشوێن کران. بە گوێرەی زانیارییەکانی رێکخراوی مافی مرۆڤ، 30 000مرۆڤ بوون بە قوربانی. هەڵبەت ئەو مرۆڤانە، ئەندام و لایەنگرانی حزب و لایەنە کۆمونیست و چەپەکان بوون.

دەسەڵاتداران دەیانوویست بە پووڵ هەڵرشتن دەمکوتی ئەم دایکانە بکەن. دایکە ئیلیزا وتی: پوولی هەموو دنیا ناتوانێ تەسیکینی بە پرسە، ئازار و تورەیی ناو دڵم بهێنێ). پاش ئەو ساڵانە، بەدگمەن هیوای ماوە، سەرلەنوێ چاویان بە منداڵەکانیان گەش ببێ، بەڵام سەرسەختانە هەر درێژە بە خۆپیشاندانەکانیان دەدەن.



ئێستا مەبەستی ئەو دایکانە ئەوەیە، درێژە بە زیندوو راگرتنی ئیدیالی منداڵەکانیان-دادپەروەری و ئازادی-بدەن. ئیلیزا وتی: **هیوای منداڵە کوژراوەکانمان لە ناخماندا دەژین**. رۆژێك دا دێ، ئێمەی دایکان، لە ژیاند نامێنین، بەڵام ئەوەی بۆ ئێمە زۆر گرنگ بێ، ئەوەیە، مرۆڤە کەنجەکان ئیمرۆ سیاسیانە، پەروەردە بکەین.

